## برای بەڕێز بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکگرتوو: ... محمد عبدالله

# (( سكتت دهرا و نطقت كفرا ))

mmabdooola@yahoo. com

من هەر لە سەرەتاوە حەزم نەدەکرد قسە و باس و موناقەشە و گلەیی و رەخنەکانی ناوخۆمان بکەوێتە سەر لاپەرەی رۆژنامەکان، بەڵام کاتی دەرفەتی دەربڕین و حیواری جدیانە و وەرگرتنی رای بەرامبەر بایکۆت دەکرێت و بواری پیناردێت و هیچ رێزێك لە تێروانینەکان ناگیرێت و تەنها دەبی وەك تووتی سەری رەزامەندی بلەقێنی بۆ ئەو قسانەی کە کەس قەناعەتیان پیناکات و پیی تەلقین دەدرێین، بۆیە ناچار بووم کە سوود لە ئازادی بلاوکردنەوە وەرگرم لە ئەنتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو پاشەگەردانیەی کە تیی کەوتووین و مەبەستیشم تەنیا بەئاگا هێنانەوەی ئەو (قارون) انەیە لە سەرکردایەتی کە لە سەر رەنجی ئێمە و شەونخونی و ماندووبوونی ئێمە لە کۆشکە رازاوەکانیان خەریکی تاعەت و عیبادەتن !!

پێش ئەوەی چاوپێکەوتنەکەشت بخوێنمەوە لە رۆژنامەی (یەکگرتوو) ی ژمارەی (595) ی 27 / 6 / 2006، ئەوەم دانابوو لەلای خۆم کە بە دەستێکی تێکدەر یان کەسێکی دەرەوەی یەکگرتووم دابنیی و بۆ بەرژەوەندی خەڵکیتر ئەم بابەتانەم باس کردبێت، بەڵام شوکر بۆ خوا دڵنیات دەکەم کەوا نییە.

ئەو چەند نموونەیەشم لە نووسینەکانی پێشتردا بۆیە باس کرد بۆ ئەوەی پەردە لە سەر هەندی کاری نادروستی فیرعەونەکانی مەملەکەتی هەڵەبجە لابدەم کە بیرەحمانە دەیانەوێت تەرو ووشکی خەباتمان تەنها لەبەرژەوەندی دارودەستە و کوتلەکانی خۆیان بەکار ببەن... دڵنیاشت دەکەمەوە نوسینەکانم هیچی پەرچە کردار نین و شوکر بۆ خوا حیفازم لە سەر دین و رێبازم کردووە، بەڵام جام کە پڕ بوو لیی دەرژێت، ئەو چەند ناوەی تۆش هێناوتە وەك نموونە بۆ کادرانی هەولێر، من پێشتر ئامادەم پییان دابوو، بەڵام برای بەڕێزم دڵنیام تۆش قەناعەتت پیی نییە و وەك عەرەب گووتەنی (هیخۆڵ بەناوچاودا کردنە) وەك چۆن برایانیشمان بەردەوام باسی دەکەن و قەناعەتیان پیی نییە، ئەو مەنهەجەی کە جەنابیشت باست کردووە لە رەخنە گرتن لە ناو یەکگرتوودا، تەنها یەك مەنهەجە و زیاتر نا، ئەویش مەنهەجی ئەوەیە (نابینم، نابیستم، قسە ناکەم) ە، ئەگەر نا هیچ مەنهەجێك پەیرەو ناکرێت کە تایبەت بێت بە رەخنە گرتن لە ئوسرە و دیراسەتەکانمان. کاتێکیش قسە دەکرێت یان رەخنەیەك یان پێشنیارێك هەبێت، ئەوا وەڵامە تەقلیدیەکەی کە وەك بەنج پیی بیهۆش دەکرێین ئامادەیە ( (کاکە ئێوە بۆ قیامەتی دەکەن و زۆر گوی مەدەنە ئەو شتە دنیاییانە) ) .

بەڵی ئێمە بۆ قیامەتی دەکەین، با جەنابی ئەمیندار و گەندەڵەکانی هەڵەبجە و سلێمانیش بۆ دنیا و ئیمتیازاتە ڕازاوەکانی ناو دنیای بکەن، با ئەوان وەزیر بن و معاشی زیاتر لە (5) ملیۆن وەرگرن و سەیارەی دوا مۆدێلیان هەبێت و لە کۆشکی چەند قات و ڕازاوە بن ئێمەش بۆ قیامەتی دەکەین...

دەترسم لە قیامەتیش خەڵکی وەك تۆیان لیڕاست بێت و دەست بکا بە تەنزیر و مێشك شوشتنی خەڵك و هەوڵ بدات لە (سیرات) بیانپەڕێنێتەوە، ئی بۆ نا، ئەدی ئەوان هەر ڕانەهاتوون خەڵکی ئەولایە هەر بە سووتەمەنی بۆ خۆیان بزانن و وەك بەردە باز بەسەرماندا بپەڕنەوە....

ئەوەتا دوای ئاشکرا بوونی زەواج موتعەی مامۆستا (سید احمد عبدالوهاب) و شکات کردنی خێزانەکەی لای ئەمینداری ئەمینمان، بەڵام تەنها دەرکەوتنی ناوبراویان لەسەر شاشەی (UTV) قەدەغە کردووە... تەماشای ئەو حیکمەتە بکە لە ئەمیندار و ئەو سەرکردایەتییە بەرێزە... لە سەر مینبەر خۆی بە فریشتە دەنواند و لە بەغدا زەواج موتعەی دەکرد و بەناوی دەرس و دیراسە بە ئافرەتانیش دوو کچە

تایبەتەکەی بە تەنیا دەرس پیدەگوتن، ئەمینداریش بەرامبەری فزەی لێوە نایەت، جا نازانم نهێنی ئەو بیدەنگیە چییە بەرامبەری و خۆت سەرپشك بە!!

هەرچەند دڵنیا بووم کە نووسینەکانم کاریگەرن و بەم شێوەیەی کە برایان بەردەوام باسیان دەکرد بەڵام کاتی بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنەی خۆت بۆ وەڵام دانەوەی من تەرخان کردبوو، زانیم لە ژێر چ زەغتێکی فیرعەونەکان دایت و چەند کاریگەری هەبووە لە سەریان، وە بۆ ئاگاداریشت ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵت کراوە جگە لەوەی راسپاردەی ئەوانە بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری نوسینەکانی منە و دەیانەوێت بەم شێوەیە لەمەودوا خەڵکی هەولێر لە راگەیاندن بەدیاربخەن.

هیواداریشم بەرێزت ئاگادارێکی فیرعەونەکان بکەیتەوە لەوەی کە پێچەوانەی مانشێتی چاوپێکەوتنەکەتە، خەڵك بەتایبەتی گەنجە بڕوادارە ڕاستەقینەکانی هەولێر ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەن بەردەوام لە ڕیزەکانی یەکگرتوو دووردەکەونەوە و واز لە رێکخستن دێنن، ئی ناحەقیان نییە چاو لە نموونە پیرۆزەکانی سەرکردایەتیان بکەن و ئەوانیش هەوڵ بدەن ژیانێکی نیمچە پێنج ئەستێرەیی بۆ خۆیان دابین بکەن، هۆکارەکانیش بەرێزت دەیزانی بۆ وایە، بەڵام گرنگە ئەمیندار و بتە بچووکەکانی دەوروبەری بزانن، خەڵك خوا دەپەرستی نەك ئەمیندار و بتەکانی هەڵەبجە.

والسلام...